ڤاتیکان.. پەرستاری پاپا فرانسیس دوا قسەکانی ئاشکرا دەکات



پاپا فرانسیس لە کۆتا قسەکانیدا پێش مردنی سوپاسی پەرستاری تایبەتی خۆی، ماسیمیلیانۆ ستراپێتی کرد، کە هانی داوە لە ڕۆژی یەکشەممەی جۆژنی ئیستەردا سواری ئۆتۆمبێلەکەی بێت بۆ ئەوەی سڵاو لە هەزاران کەس بکات.

کەناڵی فۆکس نیوز بە پشت بەستن بە بەیاننامەیەکی ڤاتیکان، باویکردووە، پاپای کۆچکردوو دوو جار لە سواربونی ئۆتۆمبێلەکەی و تێپەڕین بەو ڕێڕەوانەیی کە 50 هەزار کەسییەی کە لە گۆڕەپانی سانت پیتەر کۆبونەتەوە، بەڵام لەلایەن پەرستاری تایبەتییەوە هاندراوە ئەو کارە بکات.
لە مەراسیمی جۆژنی ئیستەردا لە گۆڕەپانی سانت پیتەر کە زیاتر لە 50 هەزار باوەڕدار ئامادەی بون، سرودی کۆنی بیزەنتین دووترێتەوە کە دەقەکەی بۆ زمانی سلاۆنیکی کۆن نوسراوە، پاپا نەیتوانی خۆی سەرپەرشتی ڕووەسمەکە بکات، بەڵام توانی بەشداری ڕووەسمەکە بکات.
بەر لەوەی بیاری بەشداریکردن لە ڕووەسمەکە بدات، پاپا پرسیاری لە سترابیتی کردوە و وتویەتی، "پێتوایە من بڕگەی ئەم بگرم؟" پەرستارەکە دڵنیای کردوە و هانیداوە بەشداری بکات، دوای ئەوەی پاپا دڵنیاکرایەوە، گشتکی بۆ گۆڕەپانەکەدا کرد، وەستا بۆ باوەشکردنی خەڵک،

بەتایبەتی منداڵان.

ڕۆژنامەی ڤاتیکان باڵوی‌کردەوە، پاپا فرانسیس بە ستراپیتی وتوە "سوپاس کە منت هێنایەوە بۆ شوێنی مەڕاسیمەکە".

پاشان پاپا تا کۆتایی نیوەڕۆی یەکشەممە (20ی 4ی 2025) پشوی‌کێداوە و بۆ هەمنی نانی ئێوارەی خواردوە، یەکەم نیشانەکانی ماندوێتی لە دەورووبەری کاتژمێر 5:30 خولەکی بەیانی ڕۆژی دوشەممە (21ی 4ی 2025)دا نیشانداوە و دوای کاتژمێرێک کۆتوبەتە کەماوە.

ڤاتیکان ئاماژەی بۆکردوە، پێش ئێوەی پاپا بکەوێتە کەماوە دەستی بە ماڵئاوایی لە ستراپیتی بەرزکردوەتەوە، دواتریش توشی جەڵتەی دڵ بوە و کەچی دواییکردوە.

ڤاتیکان باڵوی‌کردەوە، ئێوانەی لە دوا ساتەکانیدا لەگەڵیدا بون، پشتڕاستیان کردەوە کە ئازاری نەبوە و مردنەکەی بە خەرایی ڕویداوە.

بەیارە ڕۆژی شەممە (26ی 4ی 2025) کاتژمێر 10:00ی بەیانی لە گۆڕپانی سانت پیتەر پرسەی پاپا فرانسیس بەڕێوەبچێت.